# پێشەکی

ئەو دەنگە دڵسۆزانەی ڕاستەوخۆ پشتگیری نوێکردنەوەی ئەم کتێبەیان کرد، دەنگی ئەو هاوڵاتیانە بوو، کە بە دەیان نامەیان بۆ ناردین، لە نامەکانیاندا هەستی خۆیان دەربڕیبوو: " ڕووناکی ئەم کتێبە لە تاریکی ئەڵمانیا ڕزگاری کردین."

لە پێشەکی چاپی یەکەمی کتێبەکەدا دانمان بەو ڕاستییەدا نابوو، " کە نووسینی ئەم کتێبە پڕۆژەیەک لە پڕۆژەکانی ئینستیتوتەکەمان نەبوو، تەنانەت کارێکیش نەبوو لەو کارانەی، کە بیر لە نووسینی کرابێتەوە". بەڵام ئەمڕۆ دوایئەوەی، ژمارەیەکی یەکجار زۆری هاوڵاتیان بەوپەڕی دڵخۆشییەوە بەپیریەوە هاتوون و بە وتەی خۆیان بۆ فێربوونی زمانی ئەڵمانی سوودێکی یەکجارگەورەیان لێ بینیوە. لەم چاپە نوییەماندا ئێمە خۆشمان دەبین بە هاوهەستیان و دەڵێین: ئینستیتووتەکەمان شانازی بەم کارەیەوە دەکا، وەک دەبینرێ پەیڕەوی گەلێ لەو پێشنیازانەی کردووەوە، کە هاوڵاتیان بە ئاواتیان خواستووە: پەرە بە هەموو بابەتەکانی کتێبەکە دراوە. گەلێ بابەتی نوێی هەمەڕەنگی لە هەموو بەشەکانی کتێبەکەدا بۆ زیاد کراوە. کتێبەکە بۆتە کتێبێک، کە نەک تەنیا بۆ فێرکردنی زمانی ئەڵمانی، بەڵکە ڕێنماییکەرێکیشە بۆ ژیان و تێگەیشتن لە کولتوور و باری کۆمەڵایەتیی ژیان لە ئەڵمانیادا و گەیاندنی کولتووری خۆش بە بەرامبەر. بەم پێیە وەک لە ناوەرۆکی کتێبەکەدا دەبینرێ، بەرنامەیەکی نوێ بۆ داڕشتنەوەی کتێبەکە دانراوە. هەموو بابەتەکان و نموونەکان بە بیرێکی نوێ پاراو کراون و بەپێی پێویست خراونەتە بەر چاوو لە کتێبەکەدا ڕێوجێی شیاوی خۆیان بۆ کراوەتەوە. ئەم کتێبە لەڕاستیدا کۆمەڵە کتێبێکە، لەبەر چەند هۆیەک لە یەک بەرگدا کۆ کراوەتەوە و بەیەکەوە گرێ دراوە. بەشەکان تەواوکەری یەکترین و سەردەقشکێن و فرەلایەنن و تینوێتی هاوڵاتیی کورد لە ڕووی کێشەی زمانزانینەوە دەشکێنن. کتێبەکە هەوڵی پڕکردنەوەی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی کورد لە ئەڵمانیا دەدا، بە زمان و کولتوور و تا ڕادەیەکی زۆریش بە خوڕەوشتی ئەم وڵاتە ئاشنایان دەکا، لە کۆمەڵێک گرفتی نابەجێ، کە لە تێنەگەیشتنەوە بە ئەنجام دێ، دەیانپارێزێ.

لەلایەکی تریشەوەئەوەی سەرنجڕاکێش و زیاتر بەختیاری کردم لە نامەی ئەو هاوڵاتیانەدا،کە پێمانگەیشتوون، ئەوەبوو، کە ئەو خوشک و برایانە ئاماژەیان بەوە کردبوو، کە ئەم کتێبە تەنیا ڕێخۆشکەرە نەبووەوە بۆ فێربوونی زمانی ئەڵمانی، بەڵکە بەهۆی کتێبەکەوە توانیویانە بە شێوەو سستێمێکی سادەو ساکار لە دەستوور و جوانی و نازداری زمانەکەی خۆشیان بگەن. ئەم بۆچوونانە بێگومان ئەو وتە گرنگەی گوێتەی شاعیری ئەڵمانیمان دەخاتەوە یاد، کە دەڵێ: " ئەوەی زمانێکی نێگانە نەزانێ زمانەکەی خۆشی نازانێ. " [1]

ئەم باسە بە هەل دەزانین ، دان بەوەدا بنێین، کە ئەم کتێبە لە زمانی کوردیدا یەکەم کتێبێکە، کە بە شێوەیەکی سستێماتیکی مۆدێرن لە هەموو بەشەکانی ڕێزمان : دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی بێ گرێوقۆرت و شیکاریی دووروودرێژەوە بەهۆی زمانێکی ئەوروپییەوە بکۆڵێتەوە و بیخاتە بەردەستی خوێندەواری کورد و دەستنیشانی بابەتە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی بە سەدان نموونەی گونجاوو بابەتیانەوە بکا.

ئەلفبێیەکی یەکگرتوو بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی و چەسپاندنی وێنەی گونجاو بۆیان، هەنگاوێکی گەورەیە بۆ لێکنزیککردنەوەو دانانی بەردی بناغەی شێوەیەکی نووسینی یەکگرتوو بۆ زمانی کوردی.

لە ڕووی بەکارهێنانی پیتەوە، قەدەر وای بۆ کورد ڕەخساندووەوە، کە ئەمڕۆ لە نووسینی زمانەکەیدا دوو جۆر پیت بەکار بهێنێ.( ئێمە لێرەدا دەمانەوێ ئەو بیروڕایانە پوچەڵ بکەینەوە، کە گوایە کورد لە نووسینی زمانەکەیدا بە پیتی لاتینی چاوی لە تورک کردووەوە، هەرچەندە لیسکۆ لە پێشەکی کتێبی گرامەری کوریدا، کە لە ساڵی ١٩٦٨دا لە پاریس دوای مردنی میر جەلادەت بەدرخان بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێ: " کە گۆڕانکارییەکانی ئەتاتورک هەستی میری وروژاندووەوە............" [2] ئێمە لێرەدا بۆ مێژوو ئەوە تۆمار دەکەین، کە بۆ لێدوان لەم بابەتە نابێ " کیتابی ئەوەلەمینی قیرائەتی کوردی " لەبیر بکرێ، کە لە ساڵی ١٩٢٠ دا نووسراوەو یەکەم هەوڵی کوردییە بۆ نووسینی زمانی کوردی بە پیتی لاتینی. [3]

نووسینی کوردی بە پیتی عەرەبی – کوردی  لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا زۆر ئەکتیڤ بووەوە ئەمڕۆ لە دەوڵەتی کوردستاندا لەچاو جاراندا گەیشتووەتە پۆپە. نووسراوێکی یەکجار زۆری پێ بڵاو دەکرێتەوە. ئەوی تریان نووسینی کوردییە بە پیتی لاتینی – کوردی، کە میر جەلادەت بەدرخان لە ساڵانی سی و چلەکانی سەدەی ڕابردوودا نەخشەی بۆ سەرەتای نووسین پێی کێشاوە و گۆڤارەکانی "هاوار" و "ڕۆناهی"  پێ بڵاو کردووەتەوە. ئەم دوو گۆڤارەو نووسینەکانی ناو ئەم گۆڤارانە لەو سەردەمەدا لە سنوورێکی تەسکدا ماونەتەوە و بڵاوبوونەوەیەکی کتوپڕیان بەهۆی داگیرکەرانی کوردستان و قەدەغەبوونی زمانی کوردییەوە لە وڵاتی کورددا نەبینیوە.

ئەو کوردانەی، کە بە هەر هۆیەکەوە بووبێ، دوای ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوو ڕوویان لە ئەوروپا کردووە، ڕێکخراوی تایبەتی خۆیانیان دروست کردووە، هەوڵی بووژاندنەوەی ئەو نووسینی پیتی لاتینی – کوردییەیان داوە. لە ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو بەدواوە ئەو ئەلفبێیە لە ئەوروپا بووەوە بە ئەلفبێی نووسینی بڵاوکراوە کوردییەکانی خوشک و براکانی کوردستانی باکورمان. بەداخەوە ئەوانەی لەو سەردەمانەدا بەو کاری بڵاوکراوانەوە خەریک بوون، زووربەی هەرە زۆریان خۆیان نووسینی کوردییان فێری خۆیان کردبوو. دڵشاد بوون بە ڕاگەیاندنی زیندویەتی زمانی کوردی و بە هیچ جۆرێک بیریان لە یەکێتی نووسینی زمانی کوردی نەکردووەتەوە و وێنەی دەنگەکانیان بەو جۆرە وەرگرتووە، کە میر جەلادەت دایڕشتبوون. بەکورتییەکەی وێنە بۆ ئەو فۆنیمانە دانەنرا، کە لە زمانەکەدا هەبوون، بەڵام لە نووسیندا بێ وێنە مابوونەوە. لە پاشاندا گەلێ لە پارتە سیاسییەکانی باکووریش هەر ڕۆژەی بە جۆرێک ئەلفبێیەکەیان بەکار دەهێنا ( ئەم هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ و ئێرە جێی لێدوان لێی نییە ). لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووشەوە ئەو ئەلفبێ لاتینی – کوردییە لە کوردستانی باکوردا ئەکتیڤ بووەوە و بڵاوکراوە کوردییەکانی پێ دەنووسرێ.

ئێمە لەسەرەتای دەستبەکارکردنمانەوە وەک مامۆستای زمان و ئەدەب و مێژووی کورد لە زانستگای ئازاد لە بەرلین بڕیاری ئەوەمان دا، کە بابەتەکانی زمانی کوردی و شێوە زمانەکانی ( کوردیی ژووروو " کورمانجی "، کوردیی ناوەڕاست " سۆرانی " و کوردیی خواروو – گۆرانی، زازا و لوڕی بچووک – ) بە هەردوو جۆرە پیتەکە بڵێینەوە. لە هەموو پڕۆژە و بڵاوکراوەکانماندا پەیڕەوی ئەم ڕێبازەمان کرد. بووینە تاکە ڕێکخراوی زانستیی تاقانەی کوردی، کە لەم سەردەمە ناسکەی ژیانی نەتەوەدا داوای نزیکبوونەوەی کرد، نەک دوورکەوتنەوە. بە ڕاستی زانی، کە دەبێ ئەمڕۆ هەموو کوردێک هەوڵی ئەوە بدا، هەردوو جۆرە پیتەکە فێر ببێ، تا شارەزابوون و نزیکبوونەوەیەکی خۆڕسک بێتە کایەوە.

ئێمە لە بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینی – کوردیدا پەنامان بردە بەر ئەو ئەلفبێیەی کە میر جەلادەت بەدرخان بۆ نووسینی کوردی ژووروو " کورمانجی " دابنابوو. ئەم ئەلفبێیە پڕاوپڕی دەنگە کوردییەکان نەبوون. نە سۆرانی و تەنانەت لە ڕاستیشدا کورمانجیشی بە ڕاستودروستی پێنانووسرێ، چونکە کۆمەڵێک لەو فۆنیمانەی لە زمانی کوردیدا هەن و ئەکتیڤن لەم ئەلفبێیەدا بێ وێنە ماونەتەوە. سەرەتا ناچار بووین، نەخشەیەک دابنێین بۆ یەکێتییەکی یەکگرتووی نووسینی کوردی بۆ پاشەڕۆژ. بە شێوەیەکی گونجاو لە دەنگەکانمان کۆڵییەوەو گۆڕانکاریمان لە ئەلفبێیەکەدا کرد . وێنەی دەنگەکانمان لەبەر ڕۆشنایی لۆگیکی زانستیی دەنگسازی و ئۆرتۆگرافیدا داڕشت. کاتی خۆی لە کۆنفرانسی دووەمی ئەکادیمیای کوردیدا لە ئەوروپا ( کە ئێمە خۆمان دەستێکی باڵامان لە دامەزراندنیدا هەبوو ) لە ساڵی ١٩٨٨ دا وتارێکمان لەو بارەیەوە لە شاری برێمن لە ئەڵمانیا پێشکەش کرد. بەداخەوە برا ڕۆشنبیرەکانی کوردستانی باکوور، کە بە هەست بیریان دەکردەوە نەک بە هزر، داوایان کرد، کە ئەلفبێیەکەی بەدرخان پیرۆزە و با وەک خۆی بمێنێتەوە. لە مێژووی زمانەوانی کوردیدا تاقیکردنەوەیەکی زۆر تاڵمان هەیە. نازدارترین و زانستیترین کاری فەرهەنگیی سەدەی ڕابردوو فەرهەنگە کوردی – ئینگلیزییەکەی زانای زمان توفیق وەهبی – ئەدمۆنسە. بەڵام لەبەرئەوەی بە ئەلفبێیەک نووسیویەتی، کە ئەلفبێی ئینگلیزییە، نەک ئەلفبێیەکەی جەلادەت بەدرخان. تا ئەمڕۆ لەگەڵ نازدارییەکەشیدا نە کوردی باکوور سوودی لێبینیوە نە کوردی ناوەڕاست و باشوور توانیویانە بەکاری بهێنن[٤] ( لە دانانی فەرهەنگی شارەزووردا، کە لە ساڵی ٢٠٠٠ دا لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە، سوودێکی بێسنوور لەم فەرهەنگە بینراوە. بە بیروڕای ئێمە دەبوو ناوی زانای زمان تۆفیق وەهبی – ئەدمۆنس لەسەر فەرهەنگەکە بوایە). ئەم تاقیکردنەوە تاڵە وای لێکردین، کە ملکەچی ئەو پیرۆزییە بین، کە هاوڵاتیانمان بۆ ئەلفبێیەکەی میر جەلادەت هەیان بوو. جا وەک لەسەرەوە پەنجەم بۆ ڕاکێشا، ئێمە دەمانزانی، ئەم ئەلفبێیە بێ کەموکوڕی نییە. ئەلفبێیەکەمان وەرگرت و وێنەمان بۆ ئەو دەنگانە دانا، کە لە ئەلفبێیەکەدا

نەبوون ، بەڵام دەستکاری ئەو وێنانەمان نەکرد، کە بۆ پیتەکان بەگشتی دانرابوون. هەندێ لەو پیتانە، بەتایبەتی وێنەی پیتە بزوێنەکان، سستێمێکی ئۆرتۆگرافی ڕاستودروستی تێدا بەکار نەهێنرابوو. بۆ نموونە: کاتێ مرۆڤ نیشانە دەخاتە سەر پیتە بزوێنەکان، دەبێ نیشانەکان ڕاستیی وێنەی فۆنێمەکان بگەیەنن. جا ئێمە ئەگەر وتمان فۆنێمەکانی (a و o) دوو بزوێنی درێژن، دەبێ هەروەک (ê)ی درێژ و (î)ی درێژ و (û)ی درێژ ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەین و نیشانەیان لەسەر دابنێین. لە ڕووی وێنەی بزوێنی کورت (e)شەوە ئێمە لەو باوەڕەداین ئەگەر (a)یەکی بێنیشانە لەسەر دانراوی بۆ دابنرایە لەگەڵ فۆنێمەکەدا زۆر گونجاوتر دەبوو. من ئەم تاقیکردنەوەیەم بەم گۆڕانکارییانەوە تەنیا لە بەرهەمێکمدا بڵاو کردۆتەوە.[٥]

ئێمە ئەم ڕاستیانەمان هەمووی دەزانی بەڵام وەک وتم لەپێناوی یەکخستن و نزیککردنەوەدا ئەلفبێیەکەی جەلادەت بەدرخانمان وەرگرت و دەسکاری وێنەی پیتە بزوێنەکانمان نەکرد، بەڵکو تەنیا وێنەمان بۆ ئەو فۆنێمانە دانا، کە هەبوون و بێ وێنە مابوونەوە. ئەم وێنانەش بریتین لە: بۆ „ ع " < ʿ >، بۆ „ ح " < h̲ >، بۆ „ ڵ " < l̲ >، بۆ „ ڕ " < r̲ >، بۆ „ غ " < x̲ >. بەم کارەشمان ویستمان ڕێ بۆ نووسینی هەردوو فەرهەنگە کوردییەکەمان خۆش بکەین و کاری نووسینی فەرهەنگەکانی داهاتووشمان بەو پیتانە ئاسانتر بکەین. تاکە پیتێک، کە لە نووسین بە پیتی عەرەبی – کوردیدا وێنەمان بۆی نییە، بزرۆکەیە، کە بە پیتی عەرەبی – کوردی نانووسرێ، لە فەرهەنگەکەماندا پێشنیازەکەی زانای زمان تۆفیق وەهبیمان دووبارە کردووەتەوە، کە چوکڵەیەکی بێ خاڵی بۆ دابنرێ. ئێمە خۆمان لە فەرهەنگەکەماندا تەنیا پێشنیازمان کردووە و لە نووسینی سەرەتای بڕگە یا وشەدا بەهۆی بزوێن هەڵگرێکەوە نیشانمان داوە. ( سەرنجی فەرهەنگی کوردی – ئەڵمانی لاپەڕە ١١١٦ بۆ ئەم بابەتە بدە.) لەسەرجەم فەرهەنگەکەدا پەیڕەومان پێی نەکردووە، بۆئەوەی بێ بڕیارێکی گشتلایەنە بە تەنیا ئەو هەنگاوە نەنێین.. بەلاشمانەوە زۆر بەجێ دەبێ، ئەگەر بڕیارێکی گشتگری بدرێ، کە لەباتی واوی درێژ، کە بە دوو واو دەنووسرێ، یەک واو بنووسرێ و خەتێکی بخرێتە سەر، وەک کاتی خۆی لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا کۆڕی زانیاری کورد پێی دەنووسی.

بەم کارانەمان دەمانەوێ نەوەیەک پەروەردە بکەین، کە بەکارهێنانی هەردوو پیتەکەی بەلاوە ئاسان بێ. ئەو ڕۆژەی کە ئەم نەوەیە دێتە ژیانەوە، ئەوسا مرۆڤەکان خۆیان بەباشی لێک تێدەگەن و دەبنە خاوەنی یەک کولتووری نووسین و دەسەڵاتیش لە توانایدا دەبێ بڕیار لەسەر بەکارهێنانی جۆرە پیتێکیان بدا.

دوای بڵاوکردنەوەی شاکارە بەنرخەکانی ئینستیتووتەکەمان بەتایبەتی فەرهەنگی کوردی – ئەڵمانی بۆمان دەرکەوت، کە بەداخەوە کورد لە هیچ پلەیەک لە پلەکان و پۆلەکانی ژیانی خوێندنیدا ئەلفبێی کوردی نەخوێندووەو ڕیزی ئەلفبێکە نازانێ. ئەگەر چەند ڕۆشنبیرێکیش بیزانن، تەنیا ڕیزی ئەلفبێی عەرەبی دەزانن. لەم ڕووەوە تا ئەمڕۆ کەم فەرهەنگی کوردیمان هەیە، کە بایەخیان بەم مەرجە گرنگە دابێ، تەنانەت زووربەی فەرهەنگەکان لەسەرەتای کتێبەکانیاندا بە پێویستیان نەزانیوە لیستی ڕیزی ئەلفبێیەکە بڵاو بکەنەوە و زووربەشیان تا ئەمڕۆش جیاوازیان لە نێوان دەنگەکانی ("ڕ" و "ر"، "ڵ" و "ل" ، "ی" و "ێ" و "ە" وەک وێنەیەکی سەربەخۆ بۆ دەنگێکی دیاریکراو نەکردووە.) ئەمە وای کردووە، کە ئەو کەسانە ژمارەیان کەم بێ، کە دەتوانن لە فەرهەنگێکدا بە ئاسانی و بە خێرایی وشەیەک بدۆزنەوە. ئێمە بۆ کارەکانمان ئەو سستێمەمان بە ڕاست زانیوە، کە لە فەرهەنگەکەماندا بڵاومان کردووەتەوە و ئەمڕۆ لە سەر لاپەڕەکانی ئەم کتێبەش دووبارە بڵاوی دەکەینەوە و لەو ڕووەشەوە وەزارەتی پەروەردەی کوردستانمان ئاگادار کردووەتەو خۆشمان لە ساڵی ٢٠٠٧ دا لە کتێبی ئەلفبێی کوردی پۆلی یەکی قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوردستاندا و لە کتێبی پۆلی دوودا ئەو ئەلفبێیەمان تۆمار کردووە و هیوادارین دامودەزگا و لایەنەکانی تریش پەیڕەوی بکەن.[٦]

ئەم کتێبە و فەرهەنگە کوردی – ئەڵمانییەکەمان سەرەتای نووسینی کوردیی ناوەڕاست ( سۆرانی)ن بە پیتی عەرەبی – کوردی و لاتینی – کوردی، کە سەرتاپای نووسینەکانی ڕستە بە ڕستە بەرامبەر بەیەک بە هەردوو پیتەکە تۆمار کراون و زۆر بە ئاسانی مرۆڤ توانای بەراوردکردنیانی هەیە.

لە ڕووی نووسینی پیتە لاتینی – کوردیەکانیشەوە پەیڕەوی هەندێ یاسای نبچینەییمان کردووە، کە لێرەدا پێویست بە ناوبردنیان دەکا:

١ – هەموو سەرەتای ڕستەیەک بە پیتی لاتینیی گەورە نووسراوە.

٢ – هەموو ناوێک لە هەرشوێنێکی ڕستەدا هاتبێ، سەرەتای ناوەکە بە پیتی لاتینیی گەورە نووسراوە.

٣- سەرەتای هەموو بابەتەکانی تری وشەسازیمان لە ڕستەدا بە پیتی لاتینیی بچکۆلە نووسیوە.

لە ڕووی ناوەرۆکەوە کتێبەکە بریتییە لە شەش بەش و هەر بەشەشیان بەپێی پێویست لقوپۆپی لێبوووەتەوە: بەشی یەکەمی کتێبەکە دەربارەی „ئەلفبێی ئەڵمانییە" و یاسای جۆری دەربڕینی دەنگەکانی تێدا ڕوون کراوەتەوە. لەم چاپی چوارەمەدا بە شێوەیەکی بنچینەیی هەڵەبژێری جۆری دەربڕینی دەنگە ئەڵمانییەکان کراوە.

بەشی دووەوەم بریتییە لە:" تێکست "، کە بەزمانێکی پاراو داڕێژراوە. پەنجاوشەش تێکستی هەمەجۆر لەم بەشەدا تۆمار کراوە. هەموو تێکستەکان لە سەرەتای بابەتەکانەوە نموونەی تازەیان بۆ نووسراوە. یەکێک لەو تێکستە نوێیانەی، کە لەم چاپە نوێیەدا بایەخی پێدراوە، بابەتی هاتوچۆ و گەواهنامەی ئۆترومبێللێخوڕینە. وەرگرتنی مۆڵەتی ئۆترومبێللێخوڕین بۆ کورد لە ئەڵمانیا کارێکی ئاسان نییە. لەبەرئەوە لەم کتێبەدا ئاوڕێکی پێویستمان لەو بابەتە داوەتەوە. هەموو ئەو زاراوە و ئیدیەمە گرنگانەی تێدا تۆمار کراوە، کە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ئۆترومبێللێخوڕین مرۆڤ پێویستی پێی دەبێ.

بەشی سێیەمی کتێبەکە بابەتە گرنگە ڕێزمانییەکانن: لەم بەشەدا هەندێ لە بابەتەکانی دەستووری زمان دووبارە داڕێژراونەتەوە و نموونەیان بۆ زیاد کراوە یا پەرە بە بابەتەکە دراوە یا بابەتی نوێی تێدا تۆمار کراوە، وەک دۆخی ئیحتیمالیی یەکەم و دووەوەم و پێکهێنانی وشە لە زمانی ئەڵمانیدا.

بەشی چوارەم " ئیدیەم و پەندیپێشینانە ". بەشی پێنجەم " تێکستی خوێندنەوە "یە: ئەم تێکستانە بەتایبەتی بۆ ئەم چاپە نوێیە نووسراون. تێکستەکان لە ڕووی ناوەرۆکەوە زیاتر پەیوەندیان بە باری دەروونیی مرۆڤی کوردەوە لە وڵاتی ئاوارەیدا هەیە. ویستووشیانە پەنجە بۆ هەڵسوکەوت و خووڕەوشتی هەردوولا درێژ بکەن و ڕێخۆشکەرەیەک بن بۆ لێکتێگەیشتن و لێکنزیکبوونەوە و ناسینی کولتووری بەرامبەر.

بەشی شەشەم، بریتییە لە ئەدەب و موزیکی ئەڵمانی: بە کارێکی بەجێمان زانی، کە مرۆڤ نەک تەنیا بە ناو بەڵکە بە بەرهەمی نووسینیش هەندێ لە کەڵە نووسەران و موزیکارە ناودێرەکانی ئەڵمانیا بناسێ. ئێمە خۆمان لە مێژە کتێبێکمان دەربارەی مێژووی ئەدەبی کوردی بە ئەڵمانی نووسیوە. هەر واش نەخشەی کتێبێکمان دەربارەی ئەدەبی ئەڵمانی و نووسەرە بەناوبانگەکانیان بە نموونەی بەرهەمەکانیانەوە بە دەستەوەیە. جا لەبەرئەوەی پڕۆژەکانمان یەکجار زۆرن و لەوەش دەترسم بەم زووانە و لەم تەمەنە کورتەدا فریای بڵاو کردنەوەیان نەکەوم. بە پێویستم زانی تۆزێک تامیتامیتان بدەم و بەرکوتێکی ئەو بەرهەمانەتان لەم کتێبەدا پێشکەش بکەم.

لێرەدا ئەگەر بەکورتیش بێ، دەبێ دەستنیشانی ئەوە بکەم، کە بەکارهێنانی وشەی سۆرانی بۆ نووسین بە شێوەزمانی کوردیی ناوەڕاست بە ڕاست نازانم. زمانەکەمان بە تێکڕا کوردییە و ئەم زمانەش سێ بەشی هەیە:" باکوور، ناوەڕاست و باشوور" جا چۆن لە هەموو زمانەکانی دنیادا جیاوازیی شێوەزمانی هەیە و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕڕێ و ڕەنگوبۆیەکی تر بە بەری خۆیدا دەکا، لە زمانی کوردیشدا بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو جۆرە جیاوازییە لە وشەسازی، ڕستەسازی و فەرهەنگسازیدا بەدی دەکرێ. لەم ڕوووەشەوە بیروڕامان وانییە، کە ئەمڕۆ بێ دانانی پڕۆگرامێکی گونجاو ناشیانە جڵەو بۆ هەستمان شل بکەین و بە بەکارهێنانی وشەیەک یا ڕستەیەک ئەگەر چەوتیش بێ، لافوگەزافی ئەوە لێبدەین، کە شێوەزمانەکان تێکەڵ دەکەین. تێکەڵکردنی ئەو شێوەزمانانە بێ گوێدانە سستێمی وشەسازی، ڕستەسازی و وەرگرتنی وشە و دەستەواژە لە یەکترییەوە، لە سەرلێشێوان زیاتر هیچ بەرهەمێکی تری نابێ. لە ئەنجامیشدا وا لە مرۆڤی کورد دەکا، کە لە زمانەکەیدا کۆڵەوار بێ و هیچ کامێکیان بە ڕاستی و دروستی فێر نەبێ. بڕوابوون بەم بۆچوونەمان وای لێ کردین، کە یەکێک بین لەو دامودەزگا کەمە کوردیانەی لە دنیادا هاوسان بایەخ بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و دەستووری هەر سێ شێوەزمانەکەی زمانی کوردی دەدا. بەم کارەمان نزیکایەتی و هاوبەشی و ئەو جیاوازییە کەمانەی کە هەشن دەخەینە ڕوو و پارێزگاری دەستوورەکانیان دەکەین و لە شێواندن دەیان پارێزین، بە هیوای نزیکبوونەوەیان لە یەکتری. بۆ نموونە بوونی ڕەگەزی ناوی نێر و مێ لە کوردیی ژووروودا و نەبوونی لە کوردیی ناوەڕاستدا ئەوە ناگەیەنێ، کە ئەمیان هەیەتی و ئەویان نییەتی. بەڵکە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو ڕەگەزە ڕێزمانییە، لە یەکێکیاندا پارێزراوە و لەوی تریاندا نەماوە. ( ئەم باسە گەلێ لەمە زیاتر هەڵدەگرێ و لە کات و سات و شوێنی خۆیدا بە دوورودرێژی دێمەوە سەری)

ئەو خێزانە کوردانەی کە لە چواردە پازدە ساڵی ڕابردوودا هاتوونەتە ئەڵمانیا و منداڵەکانیان لێرە گەورە بوون یا دەبن. منداڵەکانیان بە باشی فێری ئەڵمانی بوون یا دەبن. ئەم کتێبە بۆ ئەو منداڵە کوردانە ڕێخۆشکەرەیەک دەبێ، تا بە هۆی پیتە لاتینی – کوردییەکانەوە توانای خوێندنەوەی کتێبەکەیان ببێ و سوودیشی لێببینن و هەر هیچ نەبێ فێری نووسینی کوردی بەو پیتانە ببن. هەر بەم هۆیەشەوە لە سەرەتای کتێبەکەدا نەخشەی گشتی ئەلفبێی کوردی و جۆری دەربڕینی دەنگەکانمان بۆ ئەو خۆشەویستانە و ئەو ئەڵمانانەی، کە دەیانەوێ فێری کوردی ببن، نووسیوە.

تکایە ئاگاداری ئەوە بن، لە ناو خانەکاندا لە کاتی نووسیندا بەزۆری هەوڵماندراوە، کە وشە ئەڵمانییەکان بە داشێک لێک نەقرتێنین. بۆئەوەی خوێنەرەوەی کتێبەکە وشەکەی بە یەکەوەنووسراوی لەبەر دەستدا بێ. ئەمە وای کردووە، کە هەندێ جار لە دێڕێکدا تەنیا یەک وشە نووسرابێ. جگەلەمەش هەوڵمان داوە، جۆری دەربڕینی دەنگەکان بە پیتە کوردییەکان بەرامبەر بە نووسینە ئەڵمانییەکان بن، تا مرۆڤ توانای بەراوردکردنی جۆری دەربڕینی دەنگەکان و نووسینی وشەکانی لەگەڵ یەکتریدا هەبێ. لە نووسینی پیتە عەرەبی – کوردی و لاتینی – کوردییەکانیشدا هەمان دەستوورمان پەیڕەو کردووە، تا خوێندەواری کورد لە ڕێیەوە فێری جۆری نووسینی هەردوو ئەلفبێیەکە ببێ.

لە بەشی تێکستی خوێندنەوە و ئەدەب و موزیکی ئەڵمانیدا بابەتەکانمان بە پیتی لاتینی – کوردی نەنووسیوە. ئەگەر بمانوسیایە قەوارەی کتێبەکە گەورەتر دەبوو. تکامان لە خوێنەرەوەی کورد ئەوەیە، کە ئەم دوو بەشە بە ڕاهێنان دابنێ و خۆی ڕستەکان بە پیتی لاتینی _ کوردی لەناو کتێبەکەدا بنووسێتەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم، هاوڵاتییانی خۆشەویست ئاگادار بکەمەوە، کە بەم زوووانە فەرهەنگێکی ئەڵمانی – کوردی تایبەت بە وشەکانی ئەم کتێبە بڵاو دەکەینەوە.

لە کۆتایدا ئاواتەخوازم بە نوێکردنەوە و سەرلەنوێ چاپ کردنەوەی ئەم کتێبە خزمەتێکی پێویستمان لەم وڵاتی ئاوارەییەدا و لە وڵاتیشدا بە هاوڵاتیانی خۆشەویست و زمانەکەمان، کە تاجی سەر سەر و گەیەنەری بیری نەتەوە و بەردی بنچینەی بوونمانە، کردبێ.

فەریاد فازیل عومەر

سەرۆکی ئینستیتووتی خوێندنی کوردی – بەرلین

٢٠٠٨

١ Victor, Walther (Red.): Goethe. Ein Lesebuch für unsere Zeit. Berlin, Weimar 1987
٢ Bedir Khan, Emir Djeladet, Lescot, Roger: Grammaire Kurde (Dialecte kurmadji). Paris 1970
٣ Muhammed Zaki Effendi, Mirza Muhammad Bashka: Kîtabî awalamînî qiraatî kurdî, Baghdad 1920
٤ Wahby, Taufiq and C.J. Edmonds: Kurdish-English Dictionary, Oxford 1966
٥ Omar, Feryad Fazil: Leuchten aus der Stimme, Verlag Wissenschaft und Bildung, Berlin 1988
فەریاد فازیل عومەر، : دیوانی ڕۆشنایی لە دەنگەوە، بەرلین ١٩٨٨
٦- ئیبراهیم ئەمین باڵدار، فەریاد فازیل عومەر؛ ئەلفبێی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی، وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر ٢٠٠٧

# پێشەکی چاپی یەکەم

خوێنەرەوەی خۆشەویست، هاوڵاتی هێژا

ئینستیتووتی خوێندنی کوردی – بەرلین لە سەردەمی دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ بە شانازییەوە هەوڵی ئەوەی داوە، دەنگی ئاشتیخوازی و ئازادی کورد بە زمانە ئەوروپییە کان بە گوێی ئەوروپادا بدا. بانگەواز و دروشمی ( کورد لەگەڵ چەکدا لەدایک نەبووە ) و کێوی نییە و خاوەنی زمان و ئەدەب و مێژووی تایبەتی خۆیەتی، هەڵگرتووە. بە کردەوەش لەم ڕووەوە چ لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی و لێکۆڵینەوەکانیدا و چ لە کاری فەرهەنگنووسین و پێشکەش کردنی وانەی زانستیدا ئەمەی سەلماندووە.

دوابەدوای پێشکەش کردنی فەرهەنگی کوردی – ئەڵمانی (کورمانجی) کە شاکارێکە لە شاکارە مەزنەکانی کورد و لەو شەوی تاریکستانەی کورددا بە زمانی ئەڵمانی بووە چرایەک و بانگەوازی زیندوێتی زمانی کوردی هەڵدا، دەمانویست فەرهەنگی کوردی – ئەڵمانی (سۆرانی)ش بڵاوبکەینەوەو لەو پێناوەشدا کارێکی مەزنمان بە ئەنجام داوە، لە کاتی نووسینی ئەم پێشەکییەدا بەشانازییەوە ڕایدەگەیەنین، کە ئەمساڵ ئەم شاکارە بەنرخەشمان چاوی ئازادی هەڵدێنێ و دڵودەروونی کورد ڕۆشن دەکاتەوە.

ئەم کارەی ئێستا لەبەر دەستتاندایە، پڕۆژەیەک نەبوو لە پڕۆژەکانی ئینستیتوتەکەمان، تەنانەت کارێکیش نەبوو لەو کارانەی، کە بیر لە نووسینی کرابێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆر ئاوارە کران و کۆمەڵێکیشیان ڕوویان لەم ئەڵمانیایە کرد و لێمان نزیک بوونەوە، ئەوەیان پێسەلماندین، کە بوونی کتێبێکی لەم بابەتە کارێکی یەکجار پێویستە. سەرەتای پڕۆژەکە نەماندەزانی لە کوێوە دەست پێبکەین. کتێبۆڵکەیەکی بچکۆلە بنووسین، کە بریتیبێ لە چەند ڕستە و نموونەیەکی هەمەجۆر. واتە وەک ئەو کتێبانەی کە بەزۆری لەم بابەتانە دەنووسرێن و بەڵێنی ئەوە بە خوێنەرەوە دەدەن، کە لە چەند ڕۆژێکدا زمانێکی بێگانەیان فێر بکەن. یا کتێبێکی مۆدێرن بۆ کورد بنووسین.کتێبەکەش وەک هەموو کتێبە نوێیەکان بە زمانی وێنەو ڕوونکردنەوەی وێنەیی لەگەڵ خوێنەردا بدوێ. ئەم جۆرە کتێبی فێرکردنی زمانە لە دە پازدە ساڵی ڕابردوودا لە ئە وروپا سنووری ڕەت کردووە و گەلێک بەرەوپێشەوە چووە و تەنانەت هەوڵ دەدرێ، نەک تەنیا بۆ زمانە ئە ورووپییەکان بەڵکە بۆ فێرکردنی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانیش بەکار بهێنرێ.

چەند کۆڕ و کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ ئەو کەسانە و چە ند دۆست و برادەرێکی ئەدیبدا کرد، کە نووسینی کتێبێکی وایان بە ئاوات دەخواست. نموونەی بەشە جیاجیاکانی کتێبەکەمان دەخستە بەر دەستیان و بیروڕایانمان وەردەگرت، تا بزانین چییان بۆ بەکەڵکەو چ ڕێگایەک زووتر و ئاسانتر مەبەستەکان دەپێکێ و قۆرتی زمانفێربوونیان لەبەردەمدا سانا دەکا. ئەوانەی لەم کۆڕ و کۆبوونەوانەدا بەشدار دەبوون، کەسانێک بوون، کە لە باری کۆمەڵایەتی و لە ڕووی پلەی ڕۆشنبیرییانەوە جیاواز بوون. واتە کەسانێکی تێدا بوو، کە دەرچووی زانستگاکان بوون و لەم وڵاتەدا نیازی پەرەپێدانی پلەی زانستیی خۆیان بە زمانە ئە وروپییکان هەبوو، کەسانێکیشی تێدا بوو، کە خوێندەوارییەکی کەمیان هەبوو، بەڵام ئارەزوومەندی فێربوونی زمانی ئە ڵمانی بوون.

دوابەدوای ئە م کۆڕ و کۆبوونەوانە ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە نووسینی کتێبۆڵکەیەک بە هەر بارێکیاندا بێ، تەنانەت ئەگەر بە وێنەی ڕەنگاوڕە نگیش ڕازابێتەوە هەر ئە وپەڕەکەی شەشسەد وشەیەکی تێدا کۆ دەکرێتەوە. ئەم جۆرە کتێبۆڵکانەش دادی ئەم کۆمەڵە کوردە ئاوارەیە نادەن، کە ڕوویان کردۆتە ئەم وڵاتە و تەنانەتماڵومنداڵیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە. بەکورتییەکەی دەبێ نووسینێک بێ، کە بەشێکی گرنگ لە بۆشاییەکانی هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەیانی پێ پڕ بکرێتەوە. کتێبۆڵکەیەک بۆ ئەو نەتەوانە باشە، کە بە دەیان فەرهەنگی تایبەتیان بۆ زمانەکەیان هەیە و بەلایکەمیشەوە چەند کتێبێکی ڕێزمانیشیان دەربارەی زمانی ئەڵمانی هەیە.

بەکورتییەکەی بە ئەرکی سەرشانی خۆمان زانی و دەبوو کارێک بۆ ئەم مەبەستە بکەین. ئەم جۆرە کارانە هەرچەندە لە زمانی کوردیدا سەرەتایی بن، بەڵام لە زمانەکانی تری جیهاندا بە هەزاران کاری لەو بابەتە کراون. ئێمەش بۆ نووسینی ئەم کتێبە بە پێی توانا هەوڵماندا سوود لەو کارە جیاجیایانە وەربگرین و بیان کەینە بنچینەی کارەکەمان و دەست بە شەنوکەوکردنیان بکەین.

له سەرەتای کێشانی نەخشەی کتێبەکەدا، لەو باوەڕەدا نەبووین، کە نووسینی جۆری دەربڕینی دەنگە ئەڵمانییەکان بە پیتی عەرەبی –کوردی بۆ خوێنەرەوە پێویست بێ. ئێمە خۆمان هەر سەرەتا دەڵێین لە نەخشەکەماندا ئەم بەشەی تێدا نەبوو. ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی بۆ ئەم مەبەستەمان ڕێک خست، پێچەوانەی مەبەستەکەی ئێمەیان گەیاند. واتە بە خوێندەوار و کۆلکەخوێندەوارەوە ئەم بەشەیان گەلێک بە گرنگ لە قەڵەم دەدا و یەکەم دەستپێکردنیان بە خوێندنەوەی ڕستەکان بەم تیپانە دەبوو. ئەوەشیان لەلا ئاشکرا کردین، کە ئەو نووسینە ڕێخۆشکەرە دەبێ بۆ بەراوردی لەگەڵ پیتە ئەڵمانییەکاندا و ئەمەش زووتر و خێراتر بە زمانەکە و خوێندنەوەی زمانی ئە ڵمانییان ڕادەهێنێ. نووسینی ئەم بەشەی کتێبەکە کارەساتێکی گەورە بوو بۆمان. زۆری ماندوو کردین، پێی ڕانەهاتبووین، لەلامان نامۆ بوو، وەک وتمان بیروڕاشمان وەک زانستکارێک لەگەڵ نووسینیدا نەبوو. بەڵام ئێمە کتێبەکەمان نەک بۆ خۆمان دەنووسی بەڵکە بۆ ئەو کەسانەی، کە دەیانویست بە زووترین کات و ساناترین شێوە زمانەکە فێر ببن .ئەمە وای لێکردین پێ بە جەرگی خۆماندا بنێین و ئەم کارەشیان بە پێی توانا بۆ بە ئەنجام بگەیەنین.

زمانی ئە ڵمانی و زمانی کوردی لە بنەوبنەچەیاندا سەر بە زمانە هیندۆئەورووپییەکانن و لە ڕاستیدا دەبێ لێک نزیک بن. بەڵام وەک دەبینین لە کاتی پێکگەیشتن و لێکنزیکبوونەوەیاندا بۆمان دەردەکەوێ کە دوورییان لە چ ڕاددەیەکدایە. دەنگەکانی، کە بە پیتی عەرەبی – کوردی بۆ دەربڕینی دەنگە ئەڵمانییەکان نووسیومانن شایەتی ئەم مەبەستەمان بۆ دەدەن (تکایە لەم ڕووووەوە سەرنجی بەشی ئەلفبێی ئەڵمانی ئەم کتێبە بە وردی بدەن). لە بابەتەکانی دوو بەشی ئەم کتێبەدا ئەم جۆری دەربڕینی دەنگانەمان بە پیتی عەرەبی –کوردی نووسیوە. نەدەکرا تەنیا بۆ هەندێ باس بینووسین و بۆ باسەکانی تر وازی لێبهێنین، چونکە کتێبەکە لەسەر سستێمی لە ئاسانەوە بۆ گران دانەڕێژراوە، بەڵکە هەر باسێک لە باسەکانی بگریت، سەربەخۆییەکی تایبەتی هەیە و هەموو باسەکانیش بە تێکڕایی تەواوکەری یەکترین. تاکە ئامۆژگاریمان بۆ خوێنەری خۆشەویست لەم لایەنەوە ئەوەیە، کە هەوڵ بدا بە زووترین کات خۆی فێری جۆری دەربڕینی دەنگە ئەڵمانییەکان بکا و ڕاستەوخۆ پیتە ئەڵمانییەکان بخوێنێتەوە.

کتێبەکە لە سێ بەشی سەرەکی ( ڕێزمان، تێکست و پەندیپێشینان ) پێکهاتووە. هەر بەشێک لەم بەشانە لق و پۆپی لێبووەتەوە.

بەشی ڕێزمان: لەم بەشەدا بایەخ بە زووربەی بەشە گرنگەکانی ئەلفبێ، وشەسازی و ڕستەسازی دراوە. بە شێوەیەکی سانا و بە سستێمێکی ئەوتۆ دامانڕشتووە، کە لەو باوەڕەداین لە توانای هەموو کەسێکدا بێ، کە تێی بگا و سوودی لێببینێ و بەکاری بهێنێ. هەر لەبەر ئەم مەبەستەشە کە خۆمان لە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە و درێژدادڕی پاراستووە و پەنامان بردووەتە بەر نموونە و بە نەخشە کارە ڕێزمانییەکانمان دەستنیشان کردووە. بەکورتییەکەی بایەخمان بە نموونەی زۆر داوە و ڕوونمان کردوونەتەوە. لە شوێنی زۆر پێویستدا نەبێ هەوڵمان نەداوە، کە دەستوورەکان باس بکەین، لەو هەندە باسکردنانەشدا، کە کردوومانن، هەوڵمانداوە ڕوونکردنەوەکان بە زمانی ئەڵمانی و کوردی بنووسین، تا ببنە ڕێخۆشکەرەیەک بۆ بەکارهێنانی کتێبی ڕێزمانی بە زمانی ئەڵمانی. لەم بەشەشدا جۆری دەربڕینی دەنگەکانمان بە پیتی عەرەبی – کوردی نووسیوەتەوە.

بەشی تێکست: لەم بەشەدا پەنجاوچوار بابەتی هەمەڕەنگ باس کراوە. بابەتەکان لەو بابەتانەن، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا مرۆڤ پێویستی پێیان دەبێ. بە پێی توانا هەوڵ دراوە، بۆ هەر بابەتێک گفتوگۆیەکی هاکەزایی بنووسرێ، بایەخ بە ڕستە دراوە و نموونە بە ڕستە لەسەر بابەتەکە هێنراوەتەوە و پاشان هەموو وشە گرنگەکان بەپێی ئەلفبێی زمانی ئەڵمانی ڕیز کراون و ماناکانیان لێکدراوەتەوە، لە لێکدانەوەی ماناکاندا ئاشکرایە، کە وشەکان مانای جیاواز جیاوازیشیان هەیە. لەم کتێبەدا مانا گشتییەکانیان ڕەچاو کراوە و لە جێی پێویستدا نەبێ دوو یا سێ مانا بۆ یەک وشە نەنووسراوە.

بەشی پەندیپێشینان: لە وەرگرتنی پەندە ئەڵمانییەکاندا دڵودەروون و سروشتی کوردمان لە یاد نەکردووە و هەوڵمان داوە لە هەزاران پەندی جۆراوجۆردا ئەو پەندانە هەڵبژێرین کە لە هەستونەستی کوردەوە تاڕادەیەک نزیکن و کورد بێ گرێوگۆڵ تێیان دەگا و لەزەتیان لێدەبینێ و بەلایەوە لە پەند دەچن. لەم بەشەدا بە پێویستمان نەزانی، کە جۆری دەربڕینی دەنگە ئە ڵمانییەکان بە پیتی عەر بی – کوردی بنووسین. لە کاتی وەرگێڕانی پەندەکاندا وەک لە بەشەکانی تریشدا ڕەچاو کراوە، هەوڵمانداوە تا ڕادەیەکی زۆر وەرگێڕانی ڕستەکان وشە بە وشە بێ، تا خوێنەرەوە لە توانایدا بێ وشە وەرگێڕاوەکان لە ڕستەکاندا بناسێتەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەگەر زانیبێتمان پەندێکی نزیکی کوردی هەیە،

که مانای وشه وەرگێڕاوەکان ناشێوێنێ، ئەوا لە تەنیشتییەوە نووسیومانە. ئەگەر مانای ڕستەکەش لە وەرگێڕانەکەدا نارێکوپێک بووبێ، ئە وا ناچار بووین، کە ڕستەکە بە جۆرێکی تر ڕوون بکەینەوە.

ئەم کتێبە دەبوو فەرهەنگۆکێکی لە کۆتاییەکەیدا لەگەڵدا بوایە. لەبەر چەند هۆیەک ئەم کارەمان بە پێویست نەزانی: کتێبەکە نزیکەی دەهەزار وشەی هەمەڕەنگی بە پێی بابەت تێدا کۆ کراوەتەوە، کە وەک لە سەرەوە باسمان کرد. لە کۆتایی بابەتەکاندا فەرهەنگی تایبەتیان بۆ دروست کراوە و مرۆڤ بە سانایی و بە پێی بابەتەکان لە توانایدا دەبێ، کە مانای وشە بدۆزێتەوە. ئەگەر بهاتایە و ئەم وشانەمان لە کۆتایی کتێبەکەدا وەک فەرهەنگۆکێک بڵاوبکردایەتەوە، ئەوا قەوارەی کتێبەکەی دوو ئەوەندە دەکرد و دووبارە کردنەوەیشی تێدا دەبوو. لەلایەکی تریشەوە وەک لە سەرەتای ئەم پێشەکییەدا باسمان کرد، نیازمان وایە هەر ئەمساڵ فەرهەنگی کوردی – ئەڵمانی (سۆرانی) و پێچەوانەکەشی بڵاوەبکەینەوە.

بە کورتییەکەی ئەو سێ بەشەی کتێبەکە، کە لە سەرەوە بە کورتی لێیان دواین. ڕێ خۆشکەرەن بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ زمانی ئەڵمانی فێر ببن و پێویستە بە پێی چێژی خۆیان و ویستی ڕۆژانەیان لەگەڵ کتێبەکەدا مامەلە بکەن و لەو ڕێیەوە هەوڵی فێر بوونی زمانی ئەڵمانی بە ڕێگایەکی سانا، کە لەگەڵ دڵودەروونیاندا دەگونجێ بدەن.

نابێ ئەوە لە یاد بکەین، کە هیچ دامودەزگایەکی ئەڵمانی یارمەتی بڵاو کردنەوەی ئەم کتێبەی نەداوە. بەختیارین، کە ئەو یارمەتینەدانە نەبووە هۆی بڵاونەکردنەوەی کتێبەکە. لە کۆتایدا سوپاسی هاوڕێیان و زانستکارانی ئینستیتووتی زمانە ئێرانییەکانی زانستگای ئازاد لە بەرلین و خوێندکاران و دەستەیەک لە هاوڵاتیان دەکەین، کە بە ئەنجامگەیاندنی ئەم کتێبەیان بەم جۆرە بۆ ڕەخساندین.

فەریاد فازیل عومەر

سەرۆکی ئینستیتووتی خوێندنی کوردی
١٩٩٩

| *** Ein Baum** | *** دارێک** |
| --- | --- |
| Ein Baum,<br>Von der Flut entwurzelt,<br>Von Kälte und Frost getroffen -<br>Sollte er am Leben bleiben,<br>Zweifle ich nicht,<br>Daß ein Frühling,<br>Ein Tag kommen wird,<br>In dem seine Wurzeln verankert sind<br>Und seine Zweige Knospen treiben. | دارێک،<br>کە سەرماوسۆڵە لێی دابێ،<br>لافاو لە ڕەگ دایبڕیبێ –<br>بێگومانم،<br>هەر بمێنێ،<br>بەهارێک دێ،<br>ڕۆژێک ئەبێ،<br>لقەکانی چرۆی تازە دەرئەکەن و<br>بە شوێن ڕەگیانا ئەگرێن. |

*Omar, Feryad Fazil: Stimme eines fremden Gedichtes; Kurdische Lyrik, Institut für kurdische Studien, Berlin 1993

*دیوانی دەنگی شیعرەنامۆیەک، فەریاد فازیل عومەر، بەرلین ١٩٩٣